https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.10

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# بنیادگەریی پێکهاتەیی لوسیان گۆڵدمان لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی (بەختیار عەلی)دا

پ. ی. د. هەڵمەت بایز ڕەسول

زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب

halmat.rasool@soran.edu.iq

**پوختە**

کۆمەڵناسیی ئەدەب و بە هەموو ئاڕاستە جیاوازەکانییەوە ڕووبەرێکی گرنگی ناو کایەی تیۆری و ڕەخنەیی گرتووە، بە جۆرێک بەردەوام لەناو کایەی ڕەخنەدا ئامادەیی هەیە. بنیادگەریی پێکهاتەیی لوسیان گۆڵدمان وەک کۆمەڵناسیی ڕۆمان داهێنانی ئەدەبی لە چوارچێوەی کۆمەڵێک چەمکدا دەبەستێتەوە بە بنیادی کۆمەڵایەتی و بنیادی زمانیی دەق. لای لوسیان گۆڵدمان، کاری ئەدەبی بەرهەمێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو هۆشیاریی چینە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەو توێژینەوەیە بە ناونیشانی بنیادگەریی پێکهاتەیی لوسیان گۆڵدمان لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی (بەختیار عەلی)دا بەپێی ئەو ڕوانگە تیۆرییەی لوسیان کارە ئەدەبییەکان گوزارشت لە تاک ناکەن، بەڵکوو گوزارشت لە هۆشیاریی چینایەتیی گروپ و کۆمەڵگا جیاوازەکان دەکەن، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە وەک دەقێکی ئەدەبی بەپێی ئەو تێگەیشتنە تیۆرییە لە پەیوەندیدایە، جیهانبینیی نووسەریش لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییەدا ڕاڤەدەکرێت.

وشە سەرەکییەکان: بنیاد، هزر، جیهانبینی، هۆشیاریی باو، هۆشاریی چالاک، دەلالەت.

## بنیادگەریی پێکهاتەیی لوسیان گۆڵدمان لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی (بەختیار عەلی)دا

### پێشەکی

لە ڕێڕەوە سەرەتاییەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕوانگەی کۆمەڵایەتی یان مێتۆدی کۆمەڵایەتی، تا دەگاتە نوێترین تێگەیشتنەکانی کۆمەڵناسیی ئەدەبی بە فۆڕمی جۆراوجۆر بەردەوام ئامادەیی هەیە. هاوکاتی گەشەکردنی کۆمەڵناسی ڕوانگە و تیۆر و مێتۆدەکانی دیکەی ڕەخنەی ئەدەبی پاش نوێگەری و بنیادگەری، کەم تا زۆر ڕیشە و دەلالەتی کۆمەڵایەتی لە ڕاڤە و تێگەیشتنە تیۆرییەکانی دەقی ئەدەبی و ڕەوتە نوێیەکاندا ئەو پەیوەندییەی ئەدەب و کۆمەڵ لە چوارچێوەی کۆمەڵناسیی ئەدەبدا خۆی تازەدەکاتەوە. ناونیشانی توێژینەوەکەمان (بنیادگەریی پێکهاتەیی لوسیان گۆڵدمان لە ڕۆمانی 'داگیرکردنی تاریکی'ی 'بەختیار عەلی'دا) لە چوارچێوەی سنووری ڕۆمانێکدا بەپێی ڕوانگەی تیۆری گۆڵدمان ئەو توێژینەوەیە ئامانجی پڕاکتیزەکردنی بنەماکانی بنیادگەریی پێکهاتەییە بە تایبەتی جیهانبینیی نووسەر، کە گوزارشت لە جیهانبینیی کۆمەڵایەتی و دەستە و گرووپێک دەکات. ئەو توێژینەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، تا چەند نموونەیەکی ڕۆمانی هاوچەرخی کوردیدا ئەو پەیوەندییە بنیادە هزرییە لە ئاستی تاکەوە بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بووە؟ بنەماکانی بنیادگەریی پێکهاتووی تا چەند لە ناو نموونەی ڕۆمانی وەرگیراودا ڕەهەندە دەلییەکانی دەقەکە دەرکەتوون؟

بایەخی ئەو توێژینەوەیە وێڕای بەرجەستەکردنی تیۆرێکی نوێی کۆمەڵناسیی ئەدەب، ئاقارێکی دیکەی گرنگی بنیادی ڕۆمانی کوردی لە ناو ئەو سیستەمە هزری و بنیادە کۆمەڵایەتییە خۆی دەبینێتەوە، کە چۆن جیهانبینیی نووسەر لە ناو ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگای کوردی بەرجەستەکراوە؟

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە هەردوو ئاستی تیۆری و پڕاکتیکی بە میتۆدێکی وەسفی شیکاری لەژێر ڕۆشنایی ڕوانگەی تیۆری بنیادگەریی پێکهاتوویی لوسیان گۆڵدماندا جێبەجێکراوە. کە چەند بابەتێکی وەک چیەتیی کۆمەڵناسیی ئەدەب و ئاڕاستەکانی و چەمکی بنیادگەریی پێهاتوویی و سەرچاوەکانی بنیادگەریی پێکهاتوویی لەخۆگرتووە و دواتریش وەک لایەنی کرداری چەمکە سەرەکییەکانی بنیادگەری پێکهاتوویی لەسەر ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) جێبەجێکراوە.

ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ڕەخنەی کۆمەڵناسیی ئەدەبدا

دیوێکی ئەدەب لە چوارچێوەی تەوژم و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا ڕاڤەدەکرێت، چونکە مارکس ئەدەب و هونەر وەک بەرهەمی دەستکردی هێزە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ناودەبات و بەپێی ئەو تێگەیشتنە تیۆرییەی شێوازی بەرهەمهێنانی ماددی، ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەقڵانی بە گشتی دیاریدەکات. واتە ئاگایی و هۆشیاریی مرۆڤەکان بوونی ئەوان دەستنیشانناکات، ئەوە بوونی کۆمەڵایەتیی ئەوانە کە دەستنیشانکەری ئاگایی و هۆشیارییانە (ڕاجێر وێبستێر، ٢٠٠٦: ١١٦) لە ناو مارکسیزمە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا ئاڵتۆسێر "نیشانیدا مارکسیزم بە تەواوی بناسین، بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵگە سیستمێک لە پەیوەندییەکانە، سیستمێک کە هەر پێکهاتەیەکی تەنیا لە پەیوەندیدا لەگەڵ پێکهاتەکانی تر دەتوانرێت لێی تێبگەین"(کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٦: ٧٥-٧٦). ئەو تێگەیشتنە مارکسییە وردەوردە لە قۆناغەکانی دوای سەدەی بیستەم بەرفراوانکرا، بە جۆرێک یەکەمین سیستەمی ڕێکوپێک لە کۆمەڵناسیی ئەدەبدا زادەی بیرۆکەکانی لۆکاشە. دوای لۆکاش هەنگاوەکانی دیکە فراوانتر دەبن و پەیڕەوکارانی زۆر دەبن. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی یەکێک لە پەیڕەوکارانی لۆکاش، لوسیان گۆڵدمان بوو، کە بە شێوەیەکی ڕێکتر دەرکەوت، زیاتر لەسەر ڕێچکەی

مارکسیستیدا ڕووی لە مەسەلە تایبەتییەکانی جوانیناسییە (ڕۆبێرت ئیسکارپیت، ٢٠١٨: ٣٥)، چونکە ڕەخنەی مارکسیستی تەنیا کۆمەڵناسیی ئەدەبیات بە چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکان و قسەکردن لەسەر چینی کرێکار سەرقاڵ نابێت. ڕەخنەی مارکسی زۆر فراوانتر کراوە، هەوڵی ئەوە دەدات بەرهەمی ئەدەبی بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئاستی زمان و فۆڕم و شێواز و مانا و چەمکەکانی ئایدیۆلۆژی و بەرهەمی ئەدەبیدا ڕاڤەبکات.

چەند ئاڕاستەیەک یان بزوتنەوەیەکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی هەن: ئاڕاستەی چەندیەتی بە سۆسیۆلۆجیای دیاردە ئەدەبییەکان دادەنرێت پشت بە ئامار و داتا دەبەستێت و پەیوەندییەکە فراوانترە لە کاری ڕەخنەیی، ئەم ئاڕاستەیە زیاتر خۆی لە قوتابخانەی فەرەنسی (سکاریب)دا دەبینێتەوە، زیاتر وەسفی دیاردە ئەدەبییەکانە و شۆڕنابێتەوە ناو قوڵایی ئەدەب. ئاڕاستەی دیالێتیکی: دەبێتە ئاڕاستەی چۆنیەتی، زیاتر ئەم بزوتنەوەیە لە بۆچوونەکانی هێگڵ و مارکسەوەیە، دواتریش جۆرج لۆکاش پەرەی‌پێداوە و وەک ڕوانگەیەکی دیالێکتیکی پەیوەندیی ئەدەب و کۆمەڵگای بە پێویست زانیوە ڕەخنەگریش پێویستە لە پەیوەندییەوە کار بکات (ئاوارە کەمال ساڵح، ٢٠١٣: ٥٨-٥٩). جۆرج لۆکاش پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگای شیکردەوە، لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی سروشتی ڕۆمان پەیوەندیی گەشەی ڕۆمان بە گەشەی کۆمەڵایەتی زیاتر بە سایکۆلۆژیای ژانرە ئەدەبییەکان ناودەبات، ڕۆمان دەبەستێتەوە بە بزاڤی سەرمایەداری و بەرزبوونەوەی بۆرژوازیی ڕۆژاوا، ئەدەب نابێ لە توێژینەوەی پاژەکان بمێنێتەوە، وەک توێژینەوە لە دیاردەکان بەڵکوو دەبێت گشتگیر بێت، بە شێوەیەکی هەمەکی لە دیاردەکان بکۆڵێتەوە، لێکۆڵینەوە لە ئەدەب دەبێتە بەشێک لە سیستەمی ڕۆشنبیری و فیکریی بزاوتی کۆمەڵایەتی. لە دوای لۆکاش گەورەترین تیۆردانەری سۆسۆلۆژیای ئەدەب لوسیان گۆڵدمان بوو، هەر لە بنەماکانی جۆرج

لۆکاشەوە دەستپێدەکات و کۆمەڵێک زاراوەی تازە و تەکنیکی پیادەکردنی شیکاری داهێنراوی دروستکرد، بەهۆیەوە ئاڕاستەکەی (زانستی کۆمەڵایەتیی ئەفراندنی ئەدەب) گرنگی بەلایەنی چۆنیەتی دەدات. دواتر لە ساڵی حەفتاکان شەپۆڵێکی نویێ لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب جیابووەوە، کە جیاوازە لە شەپۆڵی چەندی، ئەو شەپۆڵە سوودی لە پێدراوەکانی زانستیی نویێ (زانستی دەق) وەرگرت، پێی دەوترێت (زانستی کۆمەڵایەتیی دەق) بەمەش زمان پردێکە لە نێوان ئەدەب و ژیاندا، سوود لە سۆسیۆلۆژیا و زانستی دەق وەردەگرێت، ڕابەرایەتیی ئەو ڕەوتە (بیرزیما)یە، (سەلاح فەزڵ، ٢٠١٦: ٤٣-٥٧).

لەپاڵ ئاڕاستەی دیالێکتیکی، یان چۆنیەتی هەندێکجار ئاڕاستەی پۆست فۆڕمالیزمیش وەک ئاڕاستەی سێیەم باسدەکرێت: کە جولیا کریستیڤا دایهێناوە و باختینی بە دامەزرێنەری ئەو ئاڕاستەیە داناوە، پۆست فۆرمالیزم لە دوو پرسیاردا خۆی دەبینێتەوە، داڕشتنەوەی سەرلەنوێی چەمکی زمان، ئەوی تریان دەق هەڵگری ئایدۆلۆژیایە. (عەبدوڵلا ڕەحمان، ٢٠٢١: ٤٦-٥٢). ئەدەب لەو چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەوە لە ڕێی زمانەوە دەردەکەوێت، چونکە زمان وەک دیاردەی کۆمەڵایەتی، هەروەها زمان وەک ئامڕازی دەربڕینی ئەدەب لە ناو ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەدا خۆی دەبینێتەوە. هەروەک ڕینییە ویلک لە کتێبی تیۆری ئەدەبدا، ئەدەب وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی ناودەبات، هەروەها لوسیان گۆڵدمان ئەدەب وەک بەشێکی گرنگی دەزگای کۆمەڵایەتی دادەنێت (حەسەن یوسف بیرێژی، ٢٠١٣: ١٥-١٧).

## چەمک و زاراوەی بنیادگەریی پێکهاتەیی[1]

لوسیان گۆڵدمان (١٩١٣ - ١٩٧٠) میتۆدی بونیادگەریی پێکهاتەیی (البنیویه التکوینیة-Genetic Structuralism) بەکاریگەری و درێژەپێدەری ئەو ڕەوتە بنیادییەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئارادابوو، لەگەڵ ڕەوتی ڕەخنەی مارکسی و نووسینەکانی لوسیان گۆڵدمان وەک لە کتێبی (خودای شاراوە) و (دەروازەیەک بۆ سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان) و (میتۆدبەندیی لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب) و (زانستە مرۆڤایەتییەکان و فەلسەفە) لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانیدا چەند چەمک و شرۆڤەکردنێکی ئەدەبی دەخاتەڕوو. "گۆڵدمان لە هەموو کتێبەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا دەنووسرێن، هەوڵی پێکهێنانی بنیادێکی خاوەن دەلالەت دەدەن، ئەو دەلالەتەش ئاماژەیە بۆ دیدگای نووسەر و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرەکان، یان ئاماژەیە بۆ دیدگای توێژە ئەنتلیجنسییەکەی جیهان"( ئیبراهیم مەحموود خەلیل، ٢٠١٧: ١٠٣)، گۆڵدمان وا تێدەگات بەرهەمە ئەدەبییەکان لەگەڵ جیهانبینیی گروپی کۆمەڵایەتیی نووسەر و کۆمەڵایەتیی بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایەی کە بەرهەمە ئەدەبییەکەی تیادا لەدایکبووە، لە پەیوەندیدایە. ( Goldmann, 1981:74) بۆچوونەکانیشی زیاتر پشت ئەستورە بە چەمکە مەعریفییە تیۆرییەکانی هێگڵ و لۆکاش و گرامشی و لیوئالتوسێر و دەروونناسیی جان بیاجە بووە (جمیل حمداوي، ٢٠١٩: ٤٧-٤٨).

گۆڵدمان تیۆرداڕێژی ڕۆمان، لە کتێبی (خودای شاراوە)دا ١٩٦٤ وای لێکداوەتەوە ئەدەبیات پتر لە هەر بابەتێکی تر، توانای دەربڕین و گوتنی ئەو شتەی هەیە، کە پێی دەڵێ (دیدی جیهان) و ئەو بیر و خواستانەی چینێکی دیاریکراو لە بەرامبەر چینێکی دیکەدا هەیەتی وەک چینێکی کۆمەڵایەتی دێتە ئەژمار. بە پێچەوانەی زۆرێک لە تێڕاوانینەکانی

پێکهاتەخوازان، گۆڵدمان دەسنیشانکردنی جێگە و پێگەی دەقی ئەدەبی لەو قۆناغ و سەردەمە مێژووییانەی کە تێیدا بەرهەمهاتوون بە پێویست دەزانێ (ڕاجێر وێبستێر، ٢٠٠٦: ١٣٨). یەکێک لە چەمکە هاوبەشەکانی نێوان لوسیان گۆڵدمان و مارکسیستەکان، تاک ئازاد نییە، لەوەی ئەنجامیدەدات، بەڵکو خۆی بەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی (عوض، ١٩٩٤: ٣٦) "گۆڵدمان پێیوایە کارە ئەدەبییەکان گوزارشت لە تاک ناکەن، بەڵکوو گوزارشت لە وەعی و چینایەتیی گروپ و کۆمەڵگا جیاوازەکان دەکەن، بەو مانایەی نووسەر ئەگەر تاکیش بێت، بەڵام ویژدانی کۆمەڵی تێدا چڕکراوەتەوە"(سەڵاح فەزڵ، ٢٠١٦: ٥٣)، مرۆڤ لەناو سیاقێکی کۆمەڵایەتیدا لە تاکایەتییەکەی خۆیدا ئامادەیی هەیە، ئەو ئامادەییە گوزارشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆیە "مرۆڤەکان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی ژیانی خۆیاندا دەچنە نێو دنیای کۆمەڵێک پێوەندیی دیاریکراوەوە کە جیا لە خواست و ویستی ئەوانە و ناشکرێ خۆی لێببوێرن"(تێری ئیگڵتۆن، ٢٠٠٨: ٢٥) توێژینەوەکانی گۆڵدمان لەبارەی باسکاڵ و شانۆنامەکانی ڕاسین و فلۆبێر تێڕوانینێکی هاوبەش لە بەرهەمەکانیاندا هەیە، هەروەها توێژینەوە لە بارەی باسکال و ڕاسین و ڕۆسۆ دیدگایەکی یەکگرتوویان لە بارەی ژیان هەیە، بەوەی ڕەشبینانە سەیری ژیان دەکەن (ئیبراهیم مەحموود خەلیل، ٢٠١٧: ١٠٣-١٠٥).

ئەو تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییە بۆ ئەدەب لە ناو بنیادگەریی پێکهاتوویيدا گەشەی پێدراوە، کە جۆرج لۆکاش دەڵێ: "گەشەی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی یەک و یەکپارچەیە، یانی هیچ قۆناغێکی تایبەت لە گەشەی کۆمەڵگا بەئەنجامناگات مەگەر ئەوە کە لەسەر هەموو هەرێمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەر بێت"(کۆمەڵێک نووسەر، ب.س: ١٣٩) بۆیە لوسیان گۆڵدمان هەوڵدەدات لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبی بکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت تا کوێ پێکهاتەی هزر یان جیهانبینی چین یان گروپە کۆمەڵایەتییەکان وێنادەکات، کە نووسەر ئەندامێکە لەوان.

بەلای لوسیان گۆڵدمانەوە هەرچەندە دەق لە دەربڕینی پڕبەپێستی جیهانبینیی چینە کۆمەڵایەتییەکەی نزیکتر بێتەوە، بەرهەمێکی هونەریی ڕەسەنتر و داهێنانەترە (تێری ئیگڵتۆن، ٢٠٠٨: ٦١). "گوتاری ئەدەبی زۆر لە یەکچوو و نزیکە لە گوتاری ژیانی گشتی. دەتوانرێ پەیوەندیی نێوانیان شیبکرێتەوە و ئەوەش وەک دەروازەیەکی گونجاو دەبێت کە هەردوو دیاردەکە کۆدەکاتەوە"(سەڵاح فەزڵ، ٢٠١٦: ٥٧). ئەدەبیات لە باری زەینی و بنیادی زەینیەتی کۆمەڵایەتی سەرەڕای هەڵقولاویی ناو کۆمەڵگا، نوێنەرایەتیی چین و دەستەی کۆمەڵایەتیش دەکات، بە بارێکی دیکەدا خوێنەریش لە باری هەڵسەنگاندندا ئینتیمای بۆ تێگەیشتی گشتی و کۆمەڵایەتییانە دەبێت، نەک ڕوانینێکی تاکەکەسی، واتە لەهەمان بنیادی زەینیدا خۆی دەردەخاتەوە "نموونەی ئەو جۆرە کار و گفتوگۆیە لە بونیادگەریی پێکهاتندا، بەتەنیا لەسەر ئەو پەیوەندییەی کە ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی لەسەر بنیادنراوە ناوەستێت، بەڵکوو دێتەوە ناو پانتاییێکی فراونتر، ئەویش بونیادی کۆمەڵایەتییە، کە نوێنەر و هەڵقولاوی دەستە و کۆمەڵێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتین، هەردوو بونیاتەکەی (ئەدەبی و کۆمەڵایەتی)، بونیادێکی گەورە و بەرفراوانی (دەلالەت) دروستدەکەن" (د. ئازاد ئەحمەد، مەحموود، ٢٠٠٩: ٦٠)، بۆیە بنیاد لەو سەروبەندەدا گرنگە، بنیادگەریی کۆمەڵناسی درێژکراوەی بونیادگەریی فۆڕمالیزمە، کە لە دەقەوە سەرچاوەدەگرێت، لەگەڵ ئەوەی هەندێک بنەمای ڕەتکردوونەتەوە و لێی لاداون، بەوەی کە کۆمەڵگا لە پشتی داهێنانی ئەدەبییەوەیە ( خیرة خرشوش و منال زناتی، ٢٠١٥: ٣٠)، بە واتایەکی تر بەو تێگەیشتنەوە پەیوەندییەکانی هونەر و واقیعی کۆمەڵایەتی لای لوسیان گۆڵدمان، کاری ئەدەبی بەرهەمێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو هۆشیاریی چینە کۆمەڵایەتییەکانە. پەیوەندییەک لەنێوان هەردووو کاری ئەدەبی و هونەریدا هەیە، ئەو بنیادە ئەدەبییەی کە لە بنیادە کۆمەڵایەتییەکەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوە لە ڕێی ئینتیمای نووسەرەوە بۆ ئەو چینە کۆمەڵایەتییە سەرچاوەدەگرێت. (حسنة سامية، ٢٠١٨: ١٨). کەواتە گەڕان

بەدوای بنیادە دەلالییەکانی دەقدا، تەنها ئەو دیوە دەلالییەی زمان یان تێگەیشتنی کۆمەڵایەتیی دەق، بەتەنها بەس نییە بۆ ڕاڤە و تێگەیشتنی دەق، بەڵکوو هەردوو بنیادەکە لە بنیادە دەلالییەکەدا چالاکانە ڕۆڵە دەلالییەکانی خۆیان دەردەخەن. بۆیە بنیادگەریی پێکهاتەیی بە دوای چوار پێکهاتەی دەقدا دەگەڕێت: پێکهاتەی ناوەوەی دەق یان ناوەڕۆکی دەق، پێکهاتەی کلتووری یان ئایدیۆلۆژی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵگە، پێکهاتەی مێژوویی. ئەم پێکهاتانە یەکگرتوون و کارلەیەکتر دەکەن (عبدالله حسيني: ١٣٦)

## سەرچاوەکانی بنیادگەریی پێکهاتەیی

لوسیان گۆڵدمان زیاتر لەسەر زارەوەی ڕەنگدانەوە بە لۆکاش کاریگەرە، بە پێی بیر و بۆچوونی ماتریالیزمی دیالێتیکی ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتییە، بەپێی تگەیشتنی گۆڵدمان، هیچ چالاکییەکی تاکی بەتەنها نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە چالاکیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە (هەڤاڵ سەلیم تەیب، ٢٠٠٦: ٩٧-١٠١) بنیادگەری کە سروشتێکی هەڵوەشاندنەوە و پێکهاتەیی هەیە، لای هێگڵ لە هێما و پەیوەندیی هونەری پێکهاتەیی واقیعی سیستەمی کۆمەڵایەتی و بیری نامۆبوون لای مارکس، هەروەها جۆرج لۆکاش لە پەیوەندی ئەدەب لە کۆمەڵگاوە ڕوانینێکی بنیادگەرانەی پێکهاتەییان هەیە، کاریگەری لەسەر لوسیان گۆڵدمان هەبووە (هاڤین سەعید خضر، ٢٠١٩: ١٨-٢٣، ٦٠-٦١)ٚ گۆڵدمان بۆ تێگەیشتن لە بنیادی بیرکردنەوە لە ژێر کاریگەریی دەروونشیکاریی فرۆیددا بووە، بەوەی مرۆڤ مەحکوومە بە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان و لایەنی ئابووری ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە و نائاگاییانەی تاک هەیە، بەڵام لای گۆڵدمان هەموو ئەو بەها و ڕوانگە تاکەکەسییانە لە بنیادی کۆمەڵگاوە دروستدەبن. هەموو ئەو گروپ و دەستانە دروستکراو و بەرهەمی کۆمەڵن، نەک تاکەکەس، هەروەها زاراوەی بنیادگەری

پێکهاتووییشی لە جان بیاجە وەرگرتووە، بە تایبەتی ئەو ڕوانگەی زیرەکییەی تاک، جان بیاجێ بە دەوروبەرەوە دەیبەستێتەوە، هەڵسوکەوتی تاک هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتییە (عباس محمد رضا البياتي و م. م. إيناس كاظم شنباره الجبوري ، ٢٠١٦: ٤٦٠-٤٦١).

فەلسەفەی بنیادگەری پێکهاتەیی تەواوکارییەکی دیالێکتیکییە، تەنها وەک بنیادێکی سەربەخۆی ناوەوەی خۆی نییە وەک ئەوەی بنیادگەری فۆرمالیستی باوەڕی وەهایە، وەک سیستەمێکی هاوسێیەتی و هاوپەیوەند نییە، هەروەک لە بونیادگەریی ئەرکیدا هەیە، بەڵکوو بنیادێکی هاوبەش و تەواوە و پێوەستە بە بنیادی کۆمەڵگا و بزاڤی مێژووییەوە (عبدالله حسيني: ١٣٠-١٣١). لوسیان گۆڵدمان لەو تیگەیشتن و کلێشە ئامرازییە دەردەچیت کە زیاتر شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی تەقلیدی پێیەوە خەریکبوو، بەڵکو بنەمای سەرەکیی کارەکەی بنیادە هزرییەکەیە لە چوارچێوەی جیهانبینی بە بەستنەوەی بنیادی کۆمەڵایەتی و چینایەتی وەک سیتسەمی ئەدەبی و هونەری و فکری دەردەکەوێت (جابر عصفور ، ١٩٩٨: ١٠٨). گۆڵدمان لەم بوارەدا وێڕای ئەوەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵناسیی ئەدەبدا هێنایەکایەوە، کاریگەرییەکی ئیجابی لەنێو ئەم بوارەی مەعریفەی ئەدەبی کرد و هەوڵیدا گەشە بە هەندێک چەمک و گریمانە بدات، کە ئەم داهێنانە بە بنیادی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە، لە کارەکانی پێشتریدا لەناو مەیدانی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیی ئەدەبدا گواستنەوە و گۆڕانکارییەکی بەرچاوی پێکنەهێناوە و نەیتوانی گۆڕانێکی ڕادیکاڵی لە نێو چەمکەکانی ئەم بوارە و میتۆدەکەی بەرپا بکات وەک ئەوەی خۆی دەیویست (عەبدولڕەحمان فەرهادی، ٢٠٠٨، ئەنتەرنیت).

## چەمکە سەرەکییەکانی بنیادگەریی پێکهاتەیی

### تێگەیشتن و تەفسیرکردن (الفهم والتفسير)


دەق هەڵگری خەسڵەتی بنیادە دەلالییەکانە، بە جۆرێک دەستپێکی ئەو دەلالەتە لە ناوەوە بۆ دەرەوەی دەق دەکشێت. ڕەخنەگر تێگەیشتنی بنیادە دەلالییەکانی ناوەوەی دەق بۆ ڕەگەزەکانی دەرەوەی دەق ئاڕاستەدەکات. نابێت گریمانەیەکی پێشوەختە ڕەخنەگر ئاڕاستەبکات، بەڵکوو ئاڕاستەی دەق ئاڕاستەیەکی پێشینەی ڕەخنەگرە. ئەوەی دەق لەخۆیدەگرێت بەشێکە لە تێدابوونی بنیادی دەلالیی دەقەکە. تێگەیشتن یەکەم هەنگاوی ڕەوتە ڕەخنەییەیەکەیە، هەڵکۆڵینێکە لە خودی تێکستەوە سەرچاوەدەگرێت، کە لە ڕێی وەسف و چەمک و بنەما پێکهاتووەکانی تێکستەوە سەرچاوەدەگرێت. لە قۆناغی یەکەمدا توێژەر نابێت لە خودی تێکست دەربچێت. لە قۆناغی دووەمدا شیکردنەوە و گەڕان بە دنیای دەرەوەی تێکست دەبێتە ئامانج.

بونیادی دەلالی شتێکی کتوپڕ و بەرچاونییە ڕاستەوخۆ پێی بگەین، بەڵکوو گەڕانی دەوێ، تێگەیشتن یەکەم قۆناغە، کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکانەیان لەگەڵ ڕەگەزەکانی ناوەوەی دەق هەیە. لەو قۆناغەدا جیهانبینیی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە دەردەکەوێ، تەنها ئەو ڕوانینە بەس نییە، بەڵکوو هۆکارە زاتی و هونەرییەکانیش گرنگن، کە دەبنە هۆی ئەو جیهانبینییە. لوسیان گۆڵدمان بۆ سەربەخۆیی دەق، بە پێچەوانەی شێوازگەرییەکانە، ڕووبەڕووی سایکۆلۆجییەکان دەبێتەوە، چونکە تێگەیشتن کردەیەکی هۆشەکییە (عوسمان یاسین، ١٩٩٩: ٢٣-٢٨). لوسان گۆڵدمان دەستنیشانکردنی جێگە و پێگەی دەقی ئەدەبی وەک هەر قۆناغێکی دیکە بەپێویستدەزانێ، پەیوەندیی بنیادی ئاین و ئەدەبیات و مێژووی کۆمەڵایەتی بەپێویستدەزانێ (ڕاجێر وێبستێر، ٢٠٠٦: ١٣٨). هەر وەک چۆن لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) بەختیار عەلیدا، چینە دابەشبووەکانی ناو ڕۆمانەکە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا و فاشیزم و

قوربانی دەرکەوتوون. ڕۆمانووس بە پێی واقیعێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمێکی دیاریکراو لە (١٩٤٥- ١٩٧٩) بارودۆخ و سیاسەتی مامەڵەکردنی زمان و ناسنامەی کوردی لە سەردەمی سەرۆکوەزیرانی عیسمەت ئینۆنۆی تا کەنعان ئیفەرین لە سیاسەتی کەمالیستەکان و سەروبەندی گۆڕانکاریی سیاسی و کودەتا و هەڵوێستی گرووپی گورگە بۆرەکان وەک سەرەکیترین پرسی کوردی باکووری کوردستان دەخاتەڕوو. ئەو ڕووداوانەی کە لەو ماوەیە ڕوویاندا وەک واقیعێک لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا ڕەنگیان داوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا مانای کۆپی واقیع نادات، وەک ئەو تێگەیشتنەی پەیوەندیی ئەدەب و کۆمەڵناسی دەردەکەوێت.

بنیادگەری پێکهاتوویی لەسەر ئەو پەیوەندییە دانامەزرێت، کە تەنها واقیعی کۆمەڵایەتی بگوازێتەوە ناو ئەدەب، بەڵکوو هۆشیاریی گرووپی کۆمەڵایەتی لە داهێنانی ئەدەبی و ئاستی هزریی تاکەکەسی پەیوەندییەکی دەلالی لە نێوان ئاستی بنیادی هزریدا بەرجەستەدەکات، ئەو بنیادە هزرییە ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتییە. ئەمەش بە وێنەی ئاگایی و نائاگایی دەگوازرێتەوە، بۆیە دەبێت تێگەیشتنەکی گشتی بۆ ئەو بنیادە هزرییە لەئارادابێت.

هەر واقیعێکی کۆمەڵایەتی خاوەن دەلالەتە، زانینی ئەو دەلالەتەش دەوەستێتە سەر توێژەر. ئەو تێگەیشتنەش وەک بنەمای گشتی، بنەمای تایبەتیی خۆی لە زاراوەکانی وەکو تێگەیشتن و شرۆڤەکردن و هۆشیاریی باو و هۆشیاریی چالاک و جیهانبینی و بنیادی دەلالی خۆی دەبینێ. هەروەک لەم نەخشەیەی خوارەوەدا پەیوەندییە تێکچڕژاوەکانی ناو چەمکەکانی بونیادگەریمان خۆستۆتەڕوو:




-بنیادی دەلالی (البنية الدالة)

دەلالەت لە زماندا هەیە، زیاتر وەک لە قسە، چونکە قسە لە نێوان دال و مەدلوولدا کۆنتێکستێکی دیاریکراوی هەیە و دەلالەتەکە ڕێکەوتنی لەسەر هەیە، بەهۆی قسەوە دەتوانرێت جیهانبینی دیارییبکرێت، زیاتر پەیوەستە بە دەلالەتە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانەوە. گۆڵدمان پێچەوانەی بنیادگەرە زمانەوانییەکان پێیوایە ناکرێت 'بنیادی دەلالی' وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و نامێژوویی و نازەمەنی بێت. بونیادی زەینی هەر مرۆڤێک بە پێی ئەو بارودۆخەی تێیدا دەژی لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکەی لە بونیادی زەینی مرۆڤ ڕەنگدەداتەوە (عوسمان یاسین، ١٩٩٩: ١٢-١٣) بنیادی دەلالی لە ڕێگای تێگەیشتن و شرۆڤەکردن کرداری تێگەیشتنی ناوەڕۆکی تێکست دێتەدی، بۆیە دەبێت بونیادێکی بەرفراوان وەربگرێت.

بنیادگەریی پێکهاتەیی لە کۆمەڵناسیی ئەدەبیش جیا دەبێتەوە، چونکە لە کۆمەڵناسیی ئەدەبیدا ناوەڕۆک و ڕوخساری ئەدەبی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگان، بەڵام بە تێگەیشتنی بونیادگەریی پێکهاتەیی، ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ناوەڕۆکی دەق لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەدەگرن، چونکە بنیادگەریی پێکهاتەیی جەخت لەسەر پەیدابوون

و سروشتی کۆمەڵایەتیی بنیادی هزری بە گشتی و ئەدەبی بە تایبەتی، دەکاتەوە، ئەو بنیادەش پەیوەندییەکی دەستەگەری هەیە، نەک تاکی (هەڤاڵ سەلیم تەیب، ٢٠٠٦: ١٩٤-١٩٥). "ڕەگەزێ بونیادێ دەلالی کو ژ لایێ فۆرم و ناڤەرۆکێڤە پەیوەندی ب ڕۆمانێڤە یا هەی ل دویڤ گۆڕانکاری و بارودۆخێ جڤاکی "( هاڤین سەعید خضر ، ٢٠١٩: ٦١).

بنیادی واتایی تەنها لە ئاستی یەکە بەشەکییەکان و هەمەکی ناوەوەی دەقی ئەدەبی پێکناهێت، بەڵکوو پرۆسەیەکە لە متبوونەوە بۆ دینامکییە، لە ڕێی ئاوێتەی ئێستا و داهاتوودا، بنیادی هۆشەکی و ویژدانی و ڕەفتاری، لە بنیادی کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە سەرچاوەی گرتوووە (غولدمان لوسیان و اخرون، ١٩٨٤: ٤٨). هەموو کارێکی ئەدەبی ئەرکێکی دەلالی هەیە، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی دەقیش لە بنیادی دەقەکەیەوە سەرچاوەدەگرێت (فیـــــــروز زوزو، ٢٠١٧: ١٣٤-١٣٥). بنیادی دەلالی لە میانەی تێگەیشتنی هەردوو بنیادی دەرەوە، کە دواتر لە ڕێی ئەو تێگەیشتنەی لەناو هۆشیاریی باو(واقیع)ەوە بەرەو هۆشیاریی چالاک دەڕوات، جیهانبینیی نووسەر دەردەکەوێت.

بەپێی ئاستی دەلالی ڕۆمانەکە ناسیۆنالیزمی تورکی تێگەیشتنێکی دەمارگیرژییانە و فاشیستیانەی بۆ ئەوی تر هەیە، پرسی زمان و سڕینەوەی شوناسی ئەوی تر لەناو سیاسەت و ڕووداو گۆڕانکارییەکانی تورکیادا وەک بنیادێکی دەلالی لە سەرەتاپای ڕۆمانەکە بەرخوردی لەگەڵدا کراوە، بە جۆرێک لە ناو کایەی گێڕانەوەدا وەک دۆخێکی تراژیدیکۆمیدی لە فۆڕمی جۆراوجۆردا دەرخراوە. سڕینەوەی شوناسی زمان لە چەندین دەستەواژەدا دەربڕاوە وەک (ژاوەژاو: ٣٦، تورکیی کێوی بێزمان: ٣٨، زمانی قەلەباچک: ٧١، زمانی کەڕولاڵ: ٢١٩). زمان گەورەترین ئەو مەترسی و فۆبیایەی ناو پرۆسەی داگیرکردنە وەک لە ناونیشانەکەشدا (داگیرکردنی تاریکی) دۆخی دروستکراوی فاشیستییە و

دواجاریش داگیرکردنی مەحاڵە، چونکە توانەوەی زمان، یەکسانە بە توانەوەی شوناسی ئەویدی "هەیانە و نیانە تەنیا ئەم زمانەیان هەیە، هەر کات توانیت ئەم زمانیان لێ بسەنیت ئیتر وەک شێرەبەفرینە لە بەرخۆردا دەتوێتەوە" (بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٢٠٦-٢٠٧) ئەوە ئەو ترسەیە داگیرنەکراوە ترسێکی نەگیراوە. زمان لەو تاریکییەدا داگیرناکرێت و بوونایەتی هەر بەردەوام دەبێت. هەروەک مەهدی تەرجوومان وەک یەکێک لە کارەکتەرەکان، کە ڕۆڵی وەرگێڕی دەبینێت، سیاسەتی تورک وەک سیاسەتێکی شەق و شلاق ناودەنێت. لە بەرانبەر ئەوەشدا زمانی تورکی وەک زمانێک بوونایەتی تورک وەک مرۆڤی بەرزەمن نیشاندەدات، بۆیە کاتێک عیسمەت ئۆکتای وەک ژەنەڕاڵێکی تورک زمانی تورکی لەبیر دەچێتەوە، دۆخەکەی دەبێتە دۆخێکی نائینسانی "عیسمەت ئەفەندی تۆ چیتر تورکێکی باش نیت و دابەزیویت بۆ پلەی ئاژەڵان"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ١٩).

بەپێی ڕۆمانەکە لە فەزای کات و شوێن و کەسایەتیدا سڕینەوەی شوناسی کوردی لە سڕینەوەی زماندا بەرجەستە دەکرێت، لە ناو فەزای کاتدا لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجی زمانی کوردیدا، بەڵام وەک سیاسەتی تورک لە مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، بەڵام لە زەمەنی گێڕانەوەدا زمان دەبێتە تاریکی و داگیرناکرێت، کە گوزارشتە لە جیهانبینیی نووسەر، ئەو حەقیقەتە دەبێتە حەقیقەتێکی شوناس لە ناو زماندا بەرجەستەکراوە. بە پێی تێپەڕینی کات وردەوردە فێربوونی زمان و پێویستیی وەرگێڕ و دەرکەوتەی زمانی دیکە دەچێتەوە ناو حەقیقەتێکی تاریکی، کە داگیرکردنی مەحاڵە، بۆیە ئاستی زمان لەناو گۆڕانکارییەکانی زەمەنی گێڕانەوەدا هێڵێکی ڕەتکراوەیە، بەڵام دواجار حەقیقەتێکە داگیرناکرێت "ڕاستە تورکیا دەوڵەتێکی هەیە. بەڵام کاتێک مرۆڤ ڕوو لە خۆرهەڵات دەکات، ئەوسا تێدەگات هێشتا زۆر دوورین لەوەی ڕەگەزێکی پاکمان بۆ ئەو دەوڵەتە دروستکردبێ"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٣٧).

ڕەتکردنەوەی زمان لەناو ئەو ترس و سیاسەتە فاشیستەی هەیە بە تایبەتی لە سیاسەتی کەمالیستەکانەوە ئەو پڕۆسەیە دەستپێدەکات "تورکی کێوییەکانی ئەوێ، نەوەک ئۆپێرا، بەڵکو خاوەنی زمانیش نین"(داگیرکردنی تاریکی: ٣٨) "زمانێک بوونی نییە تەنیا خەیاڵێکی پووچە لەسەری هەندێک هۆز ئێڵی نەخۆشدا کە توانایان نییە فێری تورکی بن" (بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٥٣). زمان لە سەردەمی کۆماری یان کەمالیستەکان لە زمانی قەلەباچکەوە و دۆخی نازمانیدایە، وردەوردە بە جۆرێکی دیکە لەناو داگیرکردنی تاریکیدا ئامادەدەبێت، عیسمەت ئۆکتای وەک ئەندامی گورگە بۆرەکان فاشیستێکی تورک، دەڵێ "من نەبووم بە کورد من خوێنی تورکەکان لە لەشمدایە تەنیا تووشی نەخۆشییەکی نەزانراو بووم"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٦٤) زمان لە نازمانی لەناو سیاسەتی توركدا دەبێتە درمێک، وەک نەخۆشی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لە تەواوی سیستەمی تورک سیاسەتی ڕەتکردنەوەی شوناس و زمانی ئەوەی دیکە ئەمادەیی هەیە، بەڵام لە تێپەڕینی کات تا دەگاتە کۆتایی حەفتاکان وردەوردە سیستەم و سیاسەتی تورکی بەرانبەر زمان کەلێن و درزی تێدەکەوێت، پێشتر تاریق ئاکانسۆ وەک بەڕابەرایەتیی گەورە نوێنەری سەرۆکوەزیرانی کەمالییستی ١٩٤٥ کاتێک دەنێردرێتە باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، بۆ ئەوەی پلانی کەمالیستەکان لە دژی زمان و شوناسی کوردی جێبەجێبکەن، هەروەک عەدنان عاریف پاشا پێی دەڵێت "ئەمانە خۆیان چین شتێکی تر، خۆیان مارن، دووپشکن، پشیلەن، کۆترن گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە، تۆ دەبێت هەمیشە وەک جانەوەر سەیریان بکەی تاریق ئاکانسۆ، فریونەخۆیت، ئاگاداربە، جانەوەر دەستەمۆ ناکرێت"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٧٧). لەناو فەزای شوێندا وەک شاخ و کۆشکی ئاکانسۆیەکان و شێتخانە، دەلالەتەکانی ناو پرسی زمان دەردەکەون، بە جۆرێک کۆشکی ئاکانسۆ دلالەتی سیستەمی دەوڵەتە لە هەردوو دیوی سیاسی و دامەزراوەیی و حکومیدا، کە زیاتر باڵادەستە و لە کەسایەتیی ئاکانسودا بەرجەستەکراوە "پلانێکی هەیە وا بکات لە یازدە ساڵی داهاتوودا ئەو کلتوور و زمانە

ناوچەییە بچووکانە بکەونە مۆزەخانە" (بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ١٥٠). بەڵام لە دوای نزیکەی بیست ساڵ عەلی ئیحسان، کە کوڕی تاریق ئاکاناسوە، وەک ئاماژەیەک بۆ نوێنەرایەتیی میراتی سیستەمە کەمالیستییەکە بۆچوونی لەگەڵ ئاکانسۆی باوک گۆڕاوە، واتە لەو ماوە زەمەنییەدا سیتسەمی دەوڵەت بەرانبەر زمان کەلێنی تێکەتووە، بە تایبەتی پارتی تازەی چەپ و جوولانەوەی کوردی دەرکەوتوون، بۆیە عەلی ئیحسان وەک نوێنەرایەتی زەمەنێکی جیاواز دەردەکەوت نەک وەک باوکی، کە نوێنەرایەتی سیاسەتی کەمالیستی دەکات و دەڵێ "ئێستا دەڵێم ناکرێت ماشێنەکە وەک جانەوەرێکی کوێر هەر بخوات وەک برسییەکی چڵێس هەر هەڵوشێت و بەلایەوە گرنگ نەبێت لە داهاتوو چی ڕوودەدات، ئێستا دەمەوێت کۆمەک لە هەموو شتێک وەربگرم بەڵکوو دەوڵەتی تورک بتوانێت بۆن بکات و ببیینێت، ببیستێت"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٣٤٧).

## جیهانبینی

جیهانبینی زاراوەیەکی سەرەکییە لە بونیادگەریی پێکهاتەییدا. لە میانەی گەڕان بە دوای بونیادی دەلالی لەناو دەقی ئەدەبیدا دەستنیشانی جیهانبینی دەکرێت. نووسەر لەناو گروپ و چینە کۆمەڵایەتییەکاندا جیهانبینی دەخاتەڕوو. بەمەش جیهانبینیی نووسەر سروشتێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی هەیە. بنیادی زەینیی نووسەر پەیوەستە بەو واقیعەی، کە نووسەر تێیدا دەژیت، واتە خستنەڕووی جیهانبینیی گروپە کۆمەڵایەتییەکەیە، کە خۆی تێیدا دەژی. چۆنیەتیی بینینی واقیع لای نووسەر، سیستەمێکی هزرییە لە ئەدەبیات دەردەکەوێت، ئەو سیستەمە هزرییە لەناو گروپێکی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت"جیهانبینی نەسقێکی بیرکردنەوەیە، لە هەندێک هەلومەرجدا خۆی بەسەر گروپە خەڵکێک دەچەسپێنێت" (لویسان غولدمان و اخرون، ١٩٨٤: ١١).

ئەدەب و فەلسەفە هەردووکیان لە بارەی جیهانبینی دەدوێن، ئەو جیهانبینییەش لە چوارچێوەی واقیعی تاکە کەسیدا نییە، بەڵکوو واقیعێکی کۆمەڵایەتی لە پشتی ئەمەوە هەیە، تاک لە چوارچێوەی کۆمەڵدا ئەو واقیعە بەدەردەخات (لویسان غولدمان و اخرون، ١٩٨٦: ٤٨) کۆمەڵگا بە گشتی لە مێتۆدی کۆمەڵایەتیدا تاک ڕەهەندێکی تاکایەتی نییە و نە ناسنامەکەی لە چوارچێوەی کۆمەڵەکەیدا دیاردەکرێت "هەموو کاریکی ئەدەبی و هونەریی گەورە گوزارشتە لە جیهانبینی" (لویسان غولدمان، ٢٠١٠: ٤٩). بۆ تیگەیشتن لە جیهانبینی پێویستە کاری داهێنەر و نووسەر سنووری کارەکانی تێپەڕێنێت، چونکە پەیوەندیی نێوان کارە ئەدەبییەکان و فەلسەفییەکان بەهێزە، هەر بۆیەش هەڵوێستی لێکچوو لە بنیادە گشتییەکاندا بەدیدەکرێن. بۆ نموونە ڕاسین و باسکال سەرەڕای جیاوازییان، لێکچوونیشیان هەیە. هەروەک چۆن لە میانەی کارەکانی ئەواندا ئەو لێکچوونە بەدیدەکرێت، کە زیاتر گۆشەنیگایەکی جیهانییە، وەک گۆشەنیگای تراژیدی لای باسکال و ڕاسین ئامادەیە (لویسان غولدمان، ٢٠١٠: ٣٢-٤٣).

مەبەستی گۆڵدمان "مەبەستێکی ڕاستەوخۆ و هۆشیارییانە نییە بۆ جیهان، یاخود مەبەستی بۆچوونێکی ویستکرد و ئیرادە نییە کە نووسەرەکە مەبەستی بێت، بەڵکو جیهانبینی لای گۆڵدمان بریتییە لە هەستکردن و چۆنیەتیی تێڕوانینی بۆ واقیعێکی دیاریکراو، واتە جیهانبینی نەسقێکی فکرییە لای نووسەر پێش لەدایکبوونی بەرهەمەکەی دەکەوێت"(عوسمان یاسین، ١٩٩٩: ١٦) ئەگەرچی دەق لایەنی تاکایەتی لە بەرهەمدا ڕەچاوبکات و دوور لە کاری کۆمەڵ بەرهەمەکەی پێشکەشبکات، هەر سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە تاک وەک بەشێک لە کۆمەڵ و گەشەی ناو کۆمەڵەکەیەتی، "تێڕوانینی نووسەر بۆ جیهان لە میانەی نووسینەوە ئاڕاستەی دەرەوەی خودی نووسەرەکە دەکرێت، لە نێوان نێردراو و نووسەر – نووسین و وەرگرەوە – خوێنەر

– خوێندنەوە تێڕوانینەکان نەشونمادەکەن، جیهانبینی ناڕاستەوخۆی گروپە چینەکان کار لە نووسەر دەکات، ئەو کاریگەرییە لە بەرهەمەکانی نووسەر بەرجەستە دەبێت" (عوسمان یاسین، ١٩٩٩: ١٧). کەواتە نووسەر ئەوەی دەیخاتەڕوو، بوار بۆ خوێنەر و دەقیش جێدەهێڵێ ئاستی جیهانبینی لە ناوەوەی دەق و دەرەوەی دەقدا خۆی ڕابگەیەنێت.

هەڵوێستی مێژوویی و هەڵوێستی ئەدەبی کە توێژەر سەرنجیان دەداتێ، ئەوە بەلایەوە گرنگە چۆن جیهانبینی بەرهەمهاتووە؟ چۆن ئەو پەیوەندییە مێژووییە لە ڕێی کارێکی ئەدەبی جیهانبینیی گواستۆتەوە؟ چۆن پەیوەندیی دەقی دەرەکی جیهانی ناوەکی لەخۆگرتووە؟ جیهانبینی دارێژەری ڕوانینی گروپە، بۆیە جیهانبینی دەستەیەکی بیروباوەڕ و دابونەریت و خواست ویست و هەستەکان دەگرێتەوە، کە هاوپەیوەند و بەستەری گروپەکانە، بەهۆی ئەو تێگەیشتنەیانەوە دەڕواننە جیهان (خیرة خرشوش و منال زناتی، ٢٠١٥: ٤٨).

ئەگەر ئەوەش ڕاست بێت بنیادی کۆمەڵگای هاوچەرخ بەرەو تاکایەتی دەڕوات، هەوڵی شاردنەوەی کۆ دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا گوێزانەوەی پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵی دەردەکەون، بۆیە بە باوەڕی گۆڵدمان جیهانبینی دروستکراوی تاک نییە (جابر عصفور، ١٩٩٨: ١١٤). پەیوەندییەکی جەوهەری لە نێوان ژیانی کۆمەلایەتی و داهێنانی ئەدەبی تەنها لە واقیعی مرۆیی کورت نابێتەوە، بەڵکوو پەیوەندیی بە بنیادی هۆشەکییەوە هەیە، ئەو بنیادە هۆشەکییەش بنیادێکی کۆمەلایەتییە، نەک تاک بێت، بۆیە ئەو تێگەیشتنەی لە ناوەڕۆکی ئەدەبیدا گەلاڵە دەبێت، نابێتە ئایدۆلۆژیای داهێنەر بەڵکوو پەیوەستە بەوەی دەیبینێ و دەرکیپێدەکات (لویسان غولدمان و اخرون، ١٩٨٤: ٤٥). جیهانبینی لە میانەی کارەکانی توێژەر لە جیهانی دەرەکی و ناوەکی دەردەکەوێت، لە مشتومڕی هەڵوێستی مێژوویی یان چینە کۆمەلایەتییەکان بۆ کاری

ئەدەبی دەگۆڕێن، نەک گوێزانەوە و ڕەنگدانەوانەوەی واقیعی کۆمەڵگا بێت (خیرة خرشوش و منال زناتی، ٢٠١٥: ٤٨)٠ جیهانبینی لە بەیەکداچوونی هەر دوو هۆشیاریی باو و چالاک سەرچاوە دەگرێت، واتە یەکسانە بە هۆشیاریی چینە کۆمەڵایەتییەکانی سەرچاوەگرتووی دەقی ئەدەبی (مرد عبدالرحمان مبروک، ٢٠١٩: ٥٣).

بە پێی گێڕانەوەی ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) ڕۆمانووس بەپێی جیهانبینیی خۆی، کە لە کۆمەڵێ کەسێتی و دەنگی گێڕەوە بەرجەستەبووە، دەیەوێت وێنایەک بۆ داگیرکەر و داگیرکراو پێشکەشبکات، بە جۆرێک ئەو پەیوەندییەی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو لە ئاستی زمان و شوناسی نەوەتەوەی ژێردەستدا بخاتە ژێر پرسیار. ڕۆمانووس وەک جیهانبی دەبێتە بەشێک لەو چین و دەستە و تاقمانەی کە لە بەرانبەر ستەم و شوناسی نەتەوەیەکی ستەمدیدەدا بەسەر زۆر ڕووداو و بابەتی جۆراجۆر دابەشدەبێت.

زمان لەناو کایەی جیهانبینیدا میکانیزمێکی بەرگرییە، بەشێک لەو بەرگرییەی زمان بریتییە لە گێڕانەوە بە زمان وەک گێڕانەوەی ئەدەب و هونەر، ئەمەش بەشێکە لە ژیاندۆستی و بوونایەتیی زمان "هەموویان نا، بەڵام هەندێک خانەوادە، شەو دەمێک سەربازانی تورک و جاسوسەکانیان دەخەون، هەڵدەستین و بۆ سەعاتێک یان دوو سەعات بێترس بۆ ئەوەی زمانەکەمان بیر نەچێتەوە قسەی پێدەکەین، چیرۆکی پێدەگێڕینەوە، شیعری پێ دەخوێنینەوە، سترانی پێدەبێژن"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٢٦٨). هەروەها زمان بەپێی جیهانبینیی نووسەر بەشکە لە گفتوگۆ. زیندوویەتی زمان لە گفتوگۆدایە، کاتێک بەرپرسە باڵاکان و کاربەدەستانی تورک، زمانی تورکییان بیردەچێتەوە و کەرەنتینەدەکرێن، ئەو زمان لەناو کایەی بیرکردنەوە و گفتوگۆدایە، لە بەرانبەر ئەو دۆخەدا ڕژێم و سیستەمی دەوڵەت وەک نەخۆشی مامەڵە لەگەڵ زمانی کورددا دەکەن، لەناو

گۆڕانکاری و دوای زەمەنی بیری کەمالیستیانە زمان وەک کایەی وەرگێڕان سەیر دەکرێت نەک گفتوگۆ، "زمانەکە بۆ گوێگرتن و وەرگێڕان، نەوەک بۆ گفتوگۆ"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٢٨٠) لە لایەکی دیکەشەوە زمان ڕەهەندێکی بوونیاەتی نوێنەرایەتی بوونێکی تەسلیم نەبوو دەکات، هەروەک لە ڕێی کارەکتەری (مەهدی تەرجوومان)، ئەو پەیامە بە گوێی عەلی ئیحسانی کوڕی تارق ئاکانسۆی نوێنەری سیاسەت و داڕێژەی پلانی زمانی و پراکتیککردنی ناسیۆنالیستی تورکی و فاشیستییانەی کامالییەکان دەگات، کە باوکی جگە لە شەق و شلاق زمانێکی تر نازنێ، نوێنەرایەتی ئەتاتورک دەکات "پرۆفیسۆر تاریق ئاکانسو، هاتبوو ئەرکێک تەواو بکات پێدەچوو لە دوای مردنی ئەتاتورکەوە ناتەواو مابێتەوە" (بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٣٣)، بۆیە ئەم بونایەتییە دەبێتە ئەو تارکییەی کە سیاسەتی سەردەمی کەمالسیتەکان، تا گۆڕانکارییەکانی کودەتا و دواتری کۆتایی حەفتاکان لە تورکیا ئەو تاریکییەیان بۆ داگیرناکرێت.

لە جیهانبینیی نووسەردا ڕژێم و سیاسەتی کەمالیستەکان لە ڕێی کارەکتەری تاریق ئاکانسو نوێنەرایەتی دەکرێت. بە دیوێکی دیکەشدا تاریق ئاکانسۆ وەک مامۆستایەکی زانکۆ نوێنەرایەتیی دامەزراوەی دەوڵەتی و مەدەنی دەکات نەک تەنها عەسکەری، ئاکانسو دەڵێ "سروشت و کۆمەڵگا دوو گیانەوەری دڕندەن دەبێت دەستەمۆ بکرێن"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ١١٥). ئاکانسو بەرخوردی کۆمەڵگای تورکیایە لە چوارچێوەی زمەنێکی دیاریکراودا کە تا هاتنی دیموکراتەکان هەیمەنەی کەمالستی بەتەواوەتی زاڵە و ڕەتکردنەوەی هەموو بوونایەتییەکی زمان لەئارادایە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک جیهانبینی، نووسەر دەیەوێت بڵێ ئەو دۆخە لە گۆڕانی کودەتا و جوڵانەوەی چەپ و گۆڕانی سەرۆکوەزیرەکان بە فۆڕمی جیاوازتر بەردەوامیی هەیە. لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا زیاتر لەسەر ئامادەیی عیسمەت ئۆکتای لە کۆتایی حەفتاکاندا، کە نوێنەرایەتیی ئەو درێژەپێدانە دەکات کە تورکیا لەگەڵ گۆڕانی دۆخەکانی ناوخۆیدا

پرسی زمان و ترسی زمانی کوردی وەک فۆبیایەکە بەردەوام فۆرمۆڵە دەبێت. ئەگەرچی بە پێی تێگەیشتنی ڕووداوەکانی ناو گێڕانەوەکە سیتسەمی فاشیستیی تورکی درز و کەلێنی تێدەکەوێت، چیتر ناتوانرێت، ئەو بوونایەتییەی زمانی داگیرکراو هەیەتی داگیربکرێت. لە جیهانبینیی نووسەردا بە مەحاڵییەتی داگیرکردنی تاریکی ناودەبرێت.

لەناو خودی کۆشکی ئاکانسۆ، کە نوێنەرایەتیی دامەزراوە و پلانی کەمالیستی دەکات لە دیاربەکر، وەچەیەک لەناو خودی ئەو کۆشەکە لەدایکدەبێت، ئەوانیش هەردوو کوڕەکانی تاریق ئاکانسو، بە ناوی ئارسین و عەلی ئیحسان نوێنەرایەتیی کەلێن و درزی تورکیا دەکەن. ئارسین لە ڕێی بیری سۆسیالیزم و چەپەوە ناچێتەوە هەمان ڕێچکەی باوکی، بەڵکوو بە جۆرێک یاخیبوونی هەیە، لە بەرانبەر بیرکردنەوەکانی باوکیدا ئەو پەسەندایەتی و ڕەگەزپەرستییەی تورک هەیەتی کەلێنی تێدەکەوێت، بۆیەشە لە ڕوانگەی تورکچیەتیدا هەر ئایدۆلۆژیایەکی دیکە لادانە " ئەنتەرناسیۆنالیزم فیڵێکی کۆیلەکانە تا خۆیان بخەنە ڕیزی ئاغاکانیان"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٣٦). ئارسین تاریق ئاکانسو نوێنەرایەتیی ئەو ئایدۆلۆژیایە دەکات، کە بەلای تورکچیەتییەوە ڕەتکراوەیە، هەروەها عەلی ئیحسان لەگەڵ ئەوەی میت بووە و پەوەردەی دەستی باوکی بووە، بەڵام هەمان ئەو ڕەگەزپەرستایەتی و فاشیزمەی باوکی بۆ ناگوازرێتەوە، بەڵکو وەک نەوەی دوای کەمالییەکان حەقیقەت دەزانێت و دەڵێت "شتێک لەهەر شتێکی تری ئەم دونیایە من پێی ئاشنامە، حەسرەتی کوردەکانە بۆ زمانەکەیان. من ئەو حەسرەتە لە چاویان دەخوێنمەوە ناتوانیت بمخەڵەتێنیت. تۆ لە ئازارێکی قوڵدا دەژیت لەبەر ئەوەی نازانیت چیت"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٢٥٢). ئەمەش ئاماژە و دەلالەتە بە وەچەی منداڵدانی کەمالیستی هێزێکی نەرمتری بەرانبەر بە زمان و تێگەیشتنی بۆ زمان و ئەوی تر هەیە. دیوێکی دیکەی جیهانبینیی نووسەر دوای کەمالیستەکان زیاتر دەلالەت و ئاماژەن بۆ تاکی تورکی،

نەک سیستەم و ڕژێمی تورکی، بۆیە ڕژێم و هاوڵاتی لە بەرانبەر سیاسەتی زمان ڕەگەزپەرستایەتی وەک یەک ئاست دانەنراون. ئەگەرچی ئەو پیشاندانانەش لە ڕۆمانەکەدا مانای ئەوە نییە، کە کاریگەریی زمان و سیاسەتی تورکی بەرانبەر کورد گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەدیهێنابێت، بەڵکو لەناو چەپیشدا کوردیبوون، ئەو پایە جیاوازەی نییە، کە پێگەکەی بۆ جیابکرێتەوە، بۆیە ئارسین نابێتە فریادڕەس، هەروەها عەلی ئیسحانیش بەپێی ئاماژەکانی گێڕانەوەکان کەسێکی بێ دەسەڵاتە، لەو میراتە فاشیستییەدا گوزارشتە لەو حەقیقەتەی کە بوونایەتی لە تاریکی، هەرگیز داگیرناکرێت.

هۆشیاریی باو و هۆشیاریی چالاک (الوعي الواقعي والوعي الممكن)

هۆشیاریی باو، واقیعی ژیانی گروپ و چینە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەو هۆشیارییە بارودۆخی ژیانی خەڵکی پیشاندەدات. هەرچی هۆشیاریی چالاکە ئەو هۆشیارییەیە لە ناو هۆشیاریی باودا سەرهەڵدەدات، بەرزترین پلەی هۆشیارییە و هەندێجار بە هۆشیاریی هەمەلایەنە دادەنرێت "هۆشیاریی باو زەمینەخۆشکەرە بۆ سەرهەڵدانی هۆشیاریی چالاک، ئەویش لە ڕێگای نووسەرانەوە کە لە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیریدان و زیاتر لە کەسانی ئاسایی درک بەو دژوارییە دەکەن"(ئاوارە کەمال ساڵح، ٢٠١٣: ٦٦).

هۆشیاریی باو پەیوەندی بە ڕەفتاری مرۆڤەکانەوە هەیە، لەسەر بنەمای دابەشکردنی کار و هاوکاریی کار دامەزراوە. هۆشیاریی باو، هۆشیاریی واقیعی ژیانی گروپێکی کۆمەڵایەتییە، هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و پەروەردە ڕۆڵی لە دروستبوونی ئەو هۆشیارییەدا هەیە و بارودۆخی ژیانی خەڵک دێنێتە کایەوە. هۆشیاریی شیاو یان چالاک لە هەناوی هۆشیاریی باودا سەرهەڵدەدات. ئەو هۆشیارییەی لەو گروپە دروستدەبێت، ئەگەر هەوڵی لێدەرچوونیش بدات، لێی دەرباز نابێت.

ئەو هۆشیارییە لە دەقە ئەدەبی و هونەرییەکاندا دەردەکەوێت. کاتێک نووسەران تەعبیر لەو حاڵەتە دەکەن، واتە هونەرمەند و نووسەران تەعبیر لە هۆشیاریی گروپەکانیان ناکەن، بەڵکوو تەعبیر لە هۆشیاریی شیاوی گروپەکەیان دەکەن، دواتر لە هەناوی هۆشیاریی باو، دەبێتە هۆشیاریی چالاک، ئەمەش هۆشیاریی هەمەلایەنە و بزوێنەری مێژووە. هەردوو هۆشیاریی باو و چالاک لە ڕۆماندا لە ڕێگای بنیادی دەق و گفتوگۆکانەوە دەناسرێتەوە. نموونەی هۆشیاریی باو لە ناو هەناوی بارودۆخی سیاسی و دۆخی تورکیا و سیستەمی کەمالی و لێکەوتەی ڕووداوەکانی دواتر لە هەردوو باری هۆشیاریی باو و هۆشیاریی چالاک لە ناو گروپە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا خۆی دەردەخات.

بە شێوەیەکی گشتی چین و توێژەکانی تورکیا بەهۆی سیستەم و سیاسەتی تورکیاوە چینی کاربەدەست و ژێردەست و دەوڵەمەند و هەژار ملکەچن و خۆگونجێنن، هەروەها وەک هۆشیاریی باو، بەلای ئەو چینە ملکەچ و پابەندی ڕەوایەتیی سیستەمە، لەو سەروبەندەدا مرۆڤ دەبێت خۆی بگونجێنێت لەناو سیاسەتی تورکدا، دەبێت دەستەمۆ بێت، ئەمە ئەو هۆشیاریی سیاسەتکردن و خۆدانەدەستی ئەوی ترە. هۆشیارییە چالاکەکە لە ئاستی دامەزراوەیی و چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا ئامادەیە. دکتۆر سینان وەک کوڕی یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی تورکیا، کە نموونەیەکە لە هاوبەشی دەسەڵات و کارکردن و هاتنە ژێرباری یاسا، بەڵام بە هۆی لادان لەو هۆشیارییە باوە، کە تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەر خۆیان هەیانە، بۆچوونێک و هۆشیارییەکی چالاکی هەیە، بە تێگەیشتنی جیاوازەوە نایەوێت یاسا بخوێنێت و ئیرادەی باوکی بەسەریدا زاڵبێت، چونکە لە ڕوانگەی باوکی سینانەوە یاسا شکۆ و پابەندییەتی ئەویدکە دەردەخات، لە هەمان کاتدا کاری پزیشکی لای دکتۆر سینان گوزارشتە لە مرۆڤدۆستی "تەنیا یاسایەک لە پزیشکیدا هەبێت ئەوەیە: ژیانی نەخۆشەکان ڕزگاربکەم"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ١٩٦)، ئەم هۆشیارییەی

ڕەتکردنەوەی خوێندنی یاسا، جۆرێکە لە هۆشیاریی چالاک، چونکە یاسا موڵکی بەرژەوەندیی خوازەکانە و ڕەهەندی مرۆیی کەمترە، بەهاو بەرزکردنەوەی چینێکە بەسەر چینێکی دیکەدا. بە پێچەوانەوە یاسای پزیشکی یاسایەکی مرۆڤدۆستانەیە "نامەوێت بڕوا بەخۆم بهێنم دەکرێت پزیشک و جەلادەکان شان بەشانی یەک ئیش بکەن"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ١٩٦)، هەروەها هۆشیاریی دکتۆر سینان هەر بەوە ناوەستێت، بەڵکوو ئەو تێگەیشتنە مرۆڤدۆستییە وایکردووە خوێندنەوەی ئێستا و ڕابردوو بکات. ئەمەش هەڵقوڵاوی هۆشیاریی ئازادانەیە لە بەرانبەر بوونی ئەوی دیکەدا، وەک ترسی زمانی کوردی لای تورکەکان ترسێکی پووچە "ئێمە لە ترسێکی پوچ ملیۆنەها ئەرمەنمان کوشت، ئەڵمانەکان لەبەرترسی پوچ ملیۆنەها جویان سوتاند، دیدەم شاهینیش هەر لەبەر هەمان ئەو ترسە پوچە ئەمانە ئەشکەنجە بدەن"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ١٥٧). هەر لەبەر ئەوەشە دکتۆر سینان پێیوایە ئەوانەی زمانی تورکییان بیرچۆتەوە و لەو شێتخانەیە دانراون، بە مەترسی سەیردەکرێن، هیچ نەخۆشییەکیان نییە. وەک ئەوەی دکتۆر سینان نوێنەرایەتیی ئەو گروپە هۆشیارییەی ناو تورکیا دەکات. بەمەش دۆخی سیستەمی تورکیا گوزارشت لە سیستەم دەکات، نەک هاوڵاتیی تورکی، لە بەرانبەر ئەمەشدا هەموو هۆشیارییەکی تاکی باکووری کوردستان بۆ زمان و شوناسی خۆی هۆشیارییەکی چالاک نییە.

ئیمران کارتاڵ وەک هێمایەک لە نۆکەرایەتی و داردەستی تورکەکان، نوێنەرایەتیی چینێکی بەرژەوەندیخواز دەکات، بەڵام دواجار هۆشیارییەک لەناو هۆشیارییە باوەکە سەرچاوەدەگرێت، ئەویش هەستکردنە بە کۆیلایەتیی خۆی "بۆ وامکرد؟ لەبەرئەوەی کۆیلەیەک لە گیانم دایە، کۆیلەکە ئێستا هاتۆتە دەرەوە حەزی لە خزمەتکردنە"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ١٤٥). گرتنی پڵنگ لای کارتاڵ بۆ کاربەدەستی تورک وەک هێمایەک بۆ خیانەت، دواتر داوای لێبوردن لە پڵنگەکە وێڕای جوولانی

هۆشیاریی چالاک، وەک هۆشیارییەکی باو دەمێنێتەوە، چونکە کارتاڵ ناتوانێت لەناو ئەو هەیمەنەی چاوچنۆکی و ویستە کەسییەکانی خۆی دەربچێت و بەردەوام لەگەڵ دەسەڵات هەڵدەکات و پشت لەوانی تر دەکات. کارتاڵ پشت لە دەسەڵاتی کەمالیستەکان دەکات و پشتگیریی ئەو دەسەڵاتی دیموکرات بۆ بەربژێریی مەندریس ئینۆنۆی سەرۆکوەزیران دەکات.

ڕەزا باکلان نموونەیەکی دیکەی هۆشیاریی چالاکە لەناو هۆشیاریی باودا، نوێنەرایەتیی چینێکی هۆشیار دەکات لە بەرانبەر سڕینەوەی بوونایەتی ئەوی تردا، دەیەوێت بوونایەتیی خۆی لە ڕێی زمانەوە بسەلمێنێت، هەروەک بە عەلی ئیحسان دەڵێت "عەلی ئیحسان ئەگەر ئەو زمانە فێر نەبم ناتوانم دەمامکەکە دابکەنم"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ١٥٢) ڕەزا باکلان نوێنەرایەتیی ئەو کوردانە دەکات کە بەڕەچەڵەک کوردن و تورکی نازانن. بۆیە کارتاڵ لەناو ئەوانەی وەک کەڕولاڵن و قسە بە زمانی کوردی ناکەن و نوێنەرایەتیی هۆشیارییەکی باو دەکەن، چینێکی بێ ماف و ملکەچن و دەبێت خۆیان بگونجێنن" لە هەموو شارێکدا شەقامەکان پڕبوون لەو کەڕولاڵانەی لەبەرئەوەی نەیانتوانی زمانی خۆیان بەکاربهێنن"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٢١٩)، لە بەرانبەر ئەوەشدا ڕەزا باکلان هەڵگەڕانەوەیەکی هەیە دەیەوێت ئەو زمانەی کە لەبیری کردووە، جارێکی دیکە لەڕێی ئەو بیرهاتنەوە بوونایەتی نەتەوەیەک دەربخات.

کەسیەتیی عەلی ئیحسان ئاکانسو گوزارشتە لە نەوەی دووەمی کەمالیستەکان، دەکرێت وەک دەرکەوتەیەکی هۆشیاریی چالاک هەژماربکرێت لەناو هۆشیاریی باودا، عەلی ئیحسانی کوڕی تاریق ئاکانسوی گەورە کاربەدەستی کەمالی و نوێنەرایەتیی سیاسەتی زمانی لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ دوای ئەوەی بەپێی گێڕانەوەی ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) لە ١٩٤٥ تا ١٩٧٧ نەیانتوانی زمانی کوری لەناوببەن و کپی بکەن،

له نەوەی دووەمی کوڕی ئاکانسو، کە عەلی ئیحسان نوێنەرایەتی دەکات ئەو حەقیقەتە یان ئەو هۆشیارییە لەناو هۆشیاریی باودا سەر هەڵدەدات، "کاتێک دڵنیا دەبم دەوڵەت پێم نازانێت هەندێک شت دەکەم...ڕێگە بە عەلیی ئیحسانەکەی تری ناخم دەدەم تۆزێک سەر دەربهێنێت و شتێک لەبەزەیی پیشان بدات، شتێک کۆمەک بە قوربانییەکان بکات"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٢٣٥). بەهۆی هۆشیاریی چالاکەوە تێگەیشتن بۆ زمانی کوردی دەگۆڕێت. عەلی ئیحسان دەڵێ: "ئەو زمانە وەک بەڕێزتان تێگەیشتوون بە تەواوەتی لەناونەچووە، .... ئەوەی بە ئاشکرا قسەی پێناکرێت مانای ئەوە نییە بوونی نییە"(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ٢٢٨).

جیهانبینیی نووسەر بەسەر کارەکتەر و گێڕانەوەدا مەزرێنراوە، یەکێک لەو کەسایەتییانە ئارسینە بەپێی گێڕانەوەوەکە لەناو کوردەکان پێی دەڵێن یەنار. لە ڕێی زمانی گفتوگۆوە ئەو هۆشیارییە بەرهەمهاتووە، کە هۆشیارییەکی چالاکە. دکتۆر سینانیش وەک تورکێک نوێنەرایەتی و مرۆڤدۆستی دەکات. ئارسین وەک کوڕی تاریق ئاکانسو وەچەی دووەمی دوای کەمالیستەکانی ناو دەسەڵاتە، کەسێکی یاخییە. دەچێتەوە ناو کوردەکانی شاخ و فێری زمانی کوردی دەبێت، ئەو یاخیبوونە جۆرێکی هۆشیاریی چالاکە بەهۆی چەوسانەوە و توندڕەویی تورکەکان و هونەردۆستی و پرسە چینایەتییەکان و تێکەڵاوی دنیای کوردانی ڕەسەن و هەبوونی باوکێکی ستەمکار وەک یاخییەک و سوسیالیست و چەپێکیش کاردەکات. ئارسین لەناو کۆشکی ئاکانسۆ گەورەبووە و سیاسەتی باوکی، کە دەکاتە دەسەڵاتی کەمالیستی، بەهۆی ئەوەی لە پەروەردەی ناو کۆشک تێگەیشتووە خۆی دابڕاندووە لە ناو کۆشکی ئاکانسوی باوک، ئەمەش وایکردووە بۆ ئارسین ئازادییەکانی دەرەوە ببنە هۆشیاریی چالاک، کە دواجار لەلایەن باوکییەوە بەنددەکرێت و خۆشی ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی ئەوان دەبێتەوە.

به شێوەیەکی گشتی ئەو دابەشبوونەوەی هۆشیاریی باو بۆ هۆشیاریی چالاک لە چەند کەسایەتییەک خۆی دەبینێتەوە: جەوهەر سیزار وەک کوردێکی ناوچەی شاخی و مەهدی تەرجومانی وەرگێڕی ناو کۆشکی ئاکانسو بە تایبەتی بۆ پرسی کورد و زمان و مامەڵەی تورک لەگەڵ زمانی کوردیدا نموونەیەکن لەو کارەکتەرانەی لەناو هۆشیاریی باودا هۆشیارییان بۆ هۆشیاریی چالاک دەگۆڕێت، هەروەها ڕەزا باکلان و گروپێک لەناو ئەو نەخۆشخانەیەی، کە زمانی تورکییان بیرچۆتەوە لەگەڵ ئەو گوندییانەی حیکایەت دەگێڕنەوە و گۆرانی بە زمانی کوردی دەچڕن، هەروەها ڕێکخراوی نهێنیی دووی نیوە شەو و لەگەڵ لەیلا تەکین، کە شوو بە عەلی ئاکانسوی دەکات و دواتر بەهۆی ڕابردووی لێی پاشگەزبۆتەوە. ئەمانە نموونەیەکی دابەشبووی هۆشیاریی چالاکن لە ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵوێستوەرگرتن و ڕووحی بەرەنگارییان وەک هۆشیاریی چالاک تێدا هەیە. بە دیوێکی دیکەشدا لە پاڵ ئەو کەسایەتییانەی نوێنەراتیی کورد دەکەن، نموونەیەکی دیکەش لە ناو تورکیادا جۆرێکی دیکە لە هۆشیاریی چالاک سەرهەڵدەدات. بە شێوەیەکی گشتی ئەو هۆشیارییە چالاکە لە دوو لایەنەوە خۆی دەردەخات، یەکیان ناو خودی سیستەمی تورکیایە، کە لە ئاستی دامەزراوەیی نەوەکانی کەمالیستین، ئەوەی تریان هۆشیاریی ناو خودی نەتەوەکەیە. کە بۆچوونیان لەبەرانبەر زمان و شوناس و کورد ئاگاییانەیە.

**ئەنجام:**

- ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلی لە هەردوو چەمکی تێگەیشتن و ڕاڤەکردندا لە ئاستی بنیادی دەق و بنیادی دەرەوەی دەق، جۆرێک لەو ئاستە دەلالییە بەرجەستە دەکەن، کە لە ڕێی جیهانبینیی نووسەرەوە خۆی لە شوناس و زمانی داگیرکراو دەبینێتەوە.

- زمان لەناو کایەی جیهانبینیدا میکانیزمێکی بەرگرییە، بەشێک لەو بەرگرییەی زمان بریتییە لە گێڕانەوە بە زمان، لە لایەکی دیکەشەوە زمان ڕەهەندێکی بوونایەتی، نوێنەرایەتیی بوونێکی تەسلیم نەبوو دەکات، هەرگیز داگیرناکرێت.

- ڕووحی بەرەنگاری بۆ سیاسەتەکانی زمان و شوناسی کوردی لە پاڵ ئەو کەسایەتییانەی نوێنەرایەتیی کورد دەکەن، نموونەیەکی دیکەش لە ناو تورکدا وەک نەوەی سیاسەتی کەمالیستەکان جۆرێکی دیکە لە هۆشیاریی چالاک سەرهەڵدەدات.

- بەپێی ئاستە دەلالییەکانی دەق وەک جیهابینیی نووسەر لە ڕێی ڕۆمانەکەوە ناسیۆنالیزمی تورکی تێگەیشتنێکی دەمارگیرییانەی بۆ ئەوی تر هەیە، زمان و شوناس وەک بنیادێکی دەلالی لە سەرەتاپای ڕۆمانەکە وەک دۆخێکی تراژیدیکۆیدی لە فۆڕمی جۆراوجۆردا بەرخوردی لەگەڵدا کراوە.

## پەراوێز

[1] لە توێژینەوەی کوردیدا بنیادگەریی پێکهاتوویی یان پێکهاتەیی بەکاردێت، بەڵام لە سەرچاوەیەکی کوردیدا پێکهاتەخوازی ڕسکانەییش بەکارهاتووە (ڕاجێر ویبستێر، ٢٠٠٨: ٦١) لە عەربیدا بالبنیویة التکوینیة، البنیویة الدیاکرونیة، البنیویة التولیدیة بەکاردێت بڕوانە: (جمیل حمداوي، ٢٠١٩، ٤٧)

## لیستی سەرچاوەکانی

## کتێبی کوردی

- ئازاد ئەحمەد مەحموود (٢٠٠٩)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥ لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری پراکتیکی شێوازگەرییە، هەولێر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.

- ئاوارە کەمال ساڵح (٢٠١٣)، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردن لە شیعری گۆراندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.

- ئیبراهیم مەحموود خەلیل (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ "لە لاسایکردنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەراییی"، و/پ. ی. محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ.

- تێری ئیگڵتۆن (٢٠٠٨)، مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، و/ عەبدولخالق یەعقووبی، چاپی یەکەم، هەولێر دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

-حەسەن یوسف بیرێژی (٢٠١٣)، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی عەتا نەهایی، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری.

-ڕۆبێرت ئیسکارپیت (٢٠١٨)، کۆمەڵناسی ئەدەب، و/ هیمداد حوسین سەنگەرنازم، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیری بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- ڕاجێر وێبستێر (٢٠٠٦)، توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی "پێناسەیەکی پوخت"، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

- سەلاح فەزڵ (٢٠١٦)، میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و/ پ. ی. د. سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

-عەبدوڵڵا ڕەحمان (٢٠٢١)، کۆمەڵگا لە ڕۆمانی کوردیدا "لێکۆڵینەوەیەک لە کۆمەڵناسیی ئەدەبی باشووری کوردستان (١٩٦١-١٩٩١)"،چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- عوسمان یاسین (١٩٩٩)، بونیادگەری پێکهاتەیی "میتۆدی لوسیان گۆڵدمان"، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

-کۆمەڵێک نووسەر (ب.س)، قوتابخانەی بۆداپێست، و/هادی محەمەدی، سلێمانی، چاپخانەی شڤان،

- کۆمەڵک نووسەر، (٢٠١٦)، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر، و/کۆمەڵێک وەرگێڕ، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە.

- هاڤین سەعید خضر (٢٠١٩)، بونیادگەرییا پێکهاتەیی و پراکتیزەکرنا ئەوێ ل سەر ڕۆمانا (ئالێ دی یێ پرێ) سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی، چاپی یەکەم، دهۆک.

- هەڤاڵ سەلیم تەیب (٢٠٠٦)، بونیادگەری دناڤ ڕەخنا کوردیدا "ژدەستپێکێ تا ٢٠٠٣"، چاپخانەی حاجی هاشم، دهۆک، دەزگای سپیرێز بۆ چاپ بڵاوبوونەوە.

**ئەنتەرنێت:**

عەبدولڕەحمان فەرهادی ٢٠٠٨، میتۆدی بنیادگەری و سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، http://dengekan.ca/

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

- جميل حمداوي (٢٠١٩)، مناهج النقد الادبي (الشكلانية، البنيوية اللسانية، البونيوية التكوينيية، البنيوية الدياكرونية، السيميائيات، الاسلوبية)، الطبعة الأولى، دار الريف للطبع والنشر اإللكتروني.

- جابر عصفور (١٩٩٨)، نظريات معاصرة، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

- لوسيان غولدمان وآخرون (١٩٨٤)، البنيوية التكوينية والنقد الادبي، ت/ محمد سبيال، ط٢، لبنان، مؤسسة البحاث العربية.

- لوسيان غولدمان (٢٠١٠)، الإله الاخفي، ت/ زوبيدة القاضي، ديمشق، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب.

- محيد حلميداين (١٩٩٠)، النقد الروائي واإليديولوجي، من سيسيولوجيا الرواية إى سيسيولوجيا النص، ط١، لبنان، المركز الثقافي العريب.

- يوسف نور عوض (١٩٩٤)، نظرية النقد الادبي الحديث، ط١، دار ألمين.

**اكاديمية**

-حسنة سامية (٢٠١٧-٢٠١٨)، البنيوية التكوينية في كتاب "الرواية المغربية ورؤية الواقع الاجتماعي "لـ "حميد لحمداني"، ماجستير، جامعة مولود معمري - تيزي وزو كلية الآداب واللغات قسم اللغة العربية.

- خيرة خرشوش و منال زناتي (٢٠١٤-٢٠١٥)، آليات البنيوية التكوينية من خلال كتاب «ظاهرة الشعر المعاصر في المغرب لمحمد بنيس، ماجستير، جامعة الجياللي بونعامة بخميس مليانة كلية الاداب واللغات قسم اللغة والادب العربى.

- عبدالله حسيني البنيوية التكوينية الغولدمانية (المنهج والاشكالية)، مجلة اهل البيت، عدد٢١، (ب.س).

- عباس محمد رضا البياتي و م. م. إيناس كاظم شنباره الجبوري (٢٠١٦)، عتبات البنيوية التكوينية ونقاط انطالقها، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية، جامعة بابل، العدد٢٥.

-فيروز زوزو (٢٠١٦-٢٠١٧)، الذات والموضوع، في الروايات غادة السمان – مقارنة بنيوية تكوينية-، دكتؤراه، جامعة محمد خيضر بسكر ،كلية الاداب واللغات، الجمهورية الجزائرية.

- مرد عبدرالرحمان مبروك (٢٠١٩)، رؤية العالم وثنائية التضاد لصورة الذئب عند الشنفزى من منظور البنيوية التكوينية، مجلت الباحث، ١١(٠٤).

**سەرچاوەی ئەلکترونی:**

- عبدالله حسيني(٢٠١٧)، البنيوية التكوينية الغولدمانية (المنهج والاشكالية)، اهل البيت، العدد ٢١.

- عەبدولرەحمان فەرهادی (٢٠٠٨)، میتۆدی بنیادگەری و سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، http://dengekan.ca

## سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی

- Goldmann, L. (1980). Essays on Method in the Sociology of Literature. (W. Q. Boelhower, Ed.). New York: Telos Press

**Louisan Goldman's Structural Constructivism in Bakhtiar Ali's 'Occupation of Darkness'**

Literary sociology in all its different directions has occupied an important area in the field of theory and criticism, so that it is constantly present in the field of criticism. Louisan Goldman's structural constructivism as a novel sociologist links literary invention within a set of concepts to the social construct and the linguistic construct of the text. For Louisan Goldman, literary work is not an individual product, but the consciousness of social classes. The current paper (Louisan Goldman's Structural Constructivism in Bakhtiar Ali's 'Occupation of Darkness') views that literary works do not express the individual, but express the class consciousness of different groups and societies. The content of the novel as a literary text according to this theoretical understanding is in relationship and the author's worldview is interpreted within that relationship.

Keywords: constructivism, thought, worldview, common consciousness, active consciousness, semantics.